بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## هەرێمی کوردستانی عێراق
## سەرۆکایەتی هەرێم
## سەرۆك

بەناوی گەلەوە

# بڕیار
# ژمارە (17) ساڵی ٢٠٠٨

**یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانوبەرە ژمارە(٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق**

به پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٨) لە ١٧ /6/٢٠٠٨ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٨**
**یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانوبەرە ژمارە(٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق**

ماددەی یەکەم:
ماددەی (سێیەم) لەیاسای بەکرێدانی خانوبەرەی ژمارە(٨٧)ی ساڵی١٩٧٩ ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان ـ عێراقدا لەکار دەوەستێنرێت.
ماددەی دووەم:
کاربە حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی خانوبەرەی ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو، کەلە هەرێمدا بەرکارە، سەبارەت بەم خانووبەرانەی کە بۆ نیشتەنی بەکرێ دراون, بەردەوام دەبێت بۆ ماوەی

چوارساڵ لە رۆژی بەرکاربوونی ئەم یاسایە، و دوای بەسەر چوونی ئەو ماوەیە، دەکەونە ژێر کاری حوکمەکانی یاسای شارستانی /ژمارە (٤٠)ی ساڵی١٩٥١ ی هەموارکراو.

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** ئەو گرێبەستانەی بەکرێدانی خانوبەرە بۆمەبەستی غەیری نیشتەجێبوون، دوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە، مۆردەکرێن دەکەونە ژێرکاری حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ی هەموارکراو.

**دووەم:** گرێبەستەکانی ئەو خانوبەرەی کە بۆ غەیری مەبەستی نیشتەنی بەکرێ دراون و بەر لە بەرکاربوونی ئەم یاسایە مۆرکراون، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە رۆژی کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەکەوە درێژ دەکرێنەوە و، پاش کۆتایی ئەو ماوەیەش ، کرێیەکەی دەکەوێتە ژێر کاری حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ ی هەموارکراو.

**ماددەی چوارەم:**

لەهەرێمی کوردستان ـ عێراقدا حوکمەکانی ماددەی ( چوارەم)ی یاسای بەکرێدانی خانوبەرە ژمارە(٨٧)ی ساڵی١٩٧٩ ی هەموارکراو لەکار دەخرێن و، ئەمانەی خوارەوە جێیان دەگرنەوە:

**یەکەم:** نابێ کرێی ساڵانەی ئەو خانوبەرانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەو گرێبەستانەی کەدوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە مۆردەکرێن، لەم رێژانەی خوارەوە زێتربن:

١/ (٤٪) چوار لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانوبەرە یان ئەو شوقڤانەی بۆ نیشتەنی ئامادەکراون و بۆ ئەم مەبەستەش بەکرێ دەدرێن.

٢/ (٦٪) شەش لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانوبەرە یان ئەو شوقڤانەی کە ژوور،ژوور، بۆ نیشتەنی بەکرێ دەدرێن.

٣/ (٨٪) هەشت لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانوبەرە یان ئەو شوقڤانەی کە بۆ مەبەستی غەیری نیشتەنی بەکرێ دەدرێن.

**دووەم:** کرێی ساڵانەی ئەو خانوبەرانەی کەحوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەو گرێبەستانەی پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە مۆرکراون، بەپێی رێژەکانی برگەی (یەکەم)ی سەرەوە هەموار دەکرێت.

**سێیەم:** مەبەست لەبەهای گشتی خانوبەرە لەم یاسایەدا کۆی بەهای زەویەکەو بینایەکەیە لەوکاتەدا کە دەسەڵاتی دارایی بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیخەملێنێ.

**ماددەی پێنجەم:**

بریاری ژمارە(٣٢) لە ٢٠٠٣/٢/٦ کە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان ـ عێراقەوە دەرچووە، هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری دارایی و ئابووریی هەرێم ، بۆی هەیە، ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی حەوتەم:**

هەر دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت کاری پێ ناکرێت.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەکانیش حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕە سمیی ( وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان–عێراق**

**ئەم یاسایە لە ١٥ی پوشپەڕ ٢٧٠٨ی کوردی بەرامبەر ٣ی رەجەب ١٤٢٩ی کۆچی و بەرامبەر ٦ی تەمموز٢٠٠٨ی زایینی لە هەولێر دەرچووە .**

## هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە

بۆ ئەوەی یاسا لەگەڵ سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێمدا بخرێتە سەر بارێکی گونجاو بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی یاساکاریەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان و لەپێناو بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان هەردوو لایەنی گرێبەستی بەکرێداندا بەچاوێکی دادپەروەرانە و یەکسانی و رەچاوکردنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی کوردستانیدا و هاندانی بزاڤی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان بەشێوەیەکی گشتی لەبواری نیشتەجێبوون و هاندانی کەرتی تایبەتیش بۆ هاوبەشیکردنی لە کەم کردنەوەی گرفتی نیشتەجێبوون، ئەم یاسایە دانرا.